# بۆنی غەریبیت دێت

⋆ کاوەی خەسرەوکاوانی ⋆



ئاخ کە ئێستابیرت دەکەم

لەمەودایێکی بێ سنوور,

لەپانتایی مەدارێکی

بێ گەیشتنی ئێگجاردوور,

لەبیرێك هەتاکو ئێستا

نەیخستبێتە ناوچوارچێوەی خەیلی,

لەسوتانێك هیچ باڵدارێك

لە ناوگڕی ئاگرێکدا نەسووتابێ پەڕوباڵی ,

ئاخ کە ئێستابیرت دەکەم

بۆنی غەریبی تۆلە دوور,

هێواش هێواش

دەرگاوپەنجەری ژوورەکەم دەکاتەوەو

لێم دێتەژوور,

ئەمشەونازانم بۆهێندە غەریبی تۆ

شەنە بەرۆحی من دەکا,

لەرۆح زیاترچی کەی دەوێ ی

بۆوالێم سەراوبن دەکا,

من ئەمشەوزیکری عیشقی تۆ

منی کردۆتە دەروێشێکی حاڵ گرتوو

بۆعیشقی تۆدەف لەدەستم,

زیندووتری لەزیندوویی

تێکەڵاوی بە غەریبی و

بەنێورۆح و دڵ و هەستم.